# وەزارەتی ناوخۆ

# ناوەندی هاوبەشی هەماهەنگی قەیرانەکان

# رەوشی ئاوارە و پەنابەران لە هەرێمی کوردستان

## وەڵامدانەوەی قەیرانی مرۆیی لە هەرێمی کوردستان– عێراق

راپۆرتی ژمارە: 4/ ئاب 2015

# ناوەڕۆك

پێشەكی ____ Page 1
تێڕوانینێك دەربارەی سەرچاوە و كۆمەكی دارایی ____ Page 3
هەڵسەنگاندنی وەڵامدانەوە و ڕاپەڕاندن ____ Page 6
كاریگەری لەسەر هاوڵاتیان ____ Page 7

## پێشەکی

هەرێمی کوردستانی عێراق ڕووبەڕووی گەورەترین قەیرانی ئاوارەبوون بۆتەوە لە جیهان و ئەم زیادبوونی ژمارەی ئاوارە جێگای نیگەرانیە. سەرهەڵدانی ناسەقامگیری و توندوتیژی لە سوریا لە سەرەتای مانگی ئازاری 2011، بۆتە هۆی دەربەدەربوونی هەزاران هاوڵاتی سوری و گەڕان بەدوای پەناگایەکی ئارام لە ترسی تۆقاندن و بووە هۆی دەربەدەربوونی بەلێشاوی خەڵك لە سوریا. بەڵام ئەو ڕەوشە زیاتر خراپبوو لە مانگی یەکی 2014، کە عێراقی هەژاند لە ئەنجامی هێرش و داگیرکاری لە ناکاوی ڕێکخراوی تیرۆرستی داعش و کوشتن و وەحشیگەری و بەکۆیلەکردن بووە هۆی دەربەدەرکردنی 3.1 ملیۆن عێراقی. سەقامگیری و ئاسایشی ڕێژەیی هەرێمی کوردستان و سیاسەتی کرانەوە و پێشوازی بووە مایەی ئەوەی کە زۆربەی ئاوارەکانی ناوخۆ ڕوو لە هەرێمی کوردستان بکەن. لە ماوەی 18 مانگی ڕابردوو هەرێمی کوردستان پێشوازی لە 1.5 ملیۆن ئاوارەی ناوخۆ کردووە سەرەڕای بوونی 283,505 **هەزار پەنابەری سوری**.



**لە ئەنجامی ژمارەیەك شەپۆلی ئاوارەبوون، دانیشتوانی هەرێمی کوردستان بە ڕێژەی 30٪ زیادیکردوە لە ماوەیەکی زۆر کەم. بە شێوەکی گشتی، مانگانە 80,000 هەزار ئاوارە هاتووتە هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2014. لە کاتێکدا ئاوارەکان بە بەردەوامی خزمەتگوزاری ئاسایش و پاراستن و خزمەتگوزاری تریان پێشکەشکراوە لەلایەن حکومەتی هەرێمی**

کوردستان و ئەوەش لەسەر حیسابی ئابووری هەرێمی کوردستان. زیادبوونی ڕێژەی دانیشتوان بە شێوەیەکی ناسروشتی و بەردەوامی قەیرانی دارایی کاریگەری خراپی کردۆتە سەر گشت کەرتەکانی ئابوری و ژێرخان و ئاستی خزمەتگوزارییەکان لە هەرێمی کوردستان. هەرێمی کوردستان توانای وەڵامدانەوە و وەرگرتنی ئاوارەی تری نەماوە. هەروەك لە راپۆرتی هاوبەشی بانکی جیهانی و وەزارەتی پلاندانان باس لە کاریگەری ئاوارەکان دەکات کە هەرێمی کوردستان پێویستی بە 1.4 ملیار دۆلار هەیە بۆ سەقامگیر کردنەوەی رەوشی هەرێمی کوردستان وەکو پێش ڕوودانی قەیرانی مرۆیی و هاتنی ئاوارەکان.

کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و هاوبەشەکانی کاروباری مرۆیی تر بە شێوەیەکی بەرچاو هەنگاویاننا و کاریانکرد بۆ دابین کردنی پێداویستی ئاوارەکان لەو قەیرانە درێژخایەنەدا. بە لەبەرچاوگرتنی سروشتی هەستیارو ئاڵۆزی راگەیاندنی ئاستی سێی فریاکەوتن ئەرکێکی قورس بوو تەواوی پێداویستیەکانی ئاوارەی ناوخۆ دابین بکرێت و هاوکات وەڵامی شەپۆڵی ئاوارەبوون و فریاکەوتنی نوێ بدرێتەوە. هەوڵە هاوبەشەکانی حکومەت و ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان و ڕێکخراوەکانی ناوخۆ و دانیشتوان تەنها توانیان وەڵامی بەشێك لەو قەیرانەی ئێستا بدەنەوە و بەشێك لە مەینەتیەکانیان کەم بکەنەوە.

بێ گومان، هەرێمی کوردستان پێشوازی لە گەورەترین ژمارەی ئاوارەی ناوخۆ کردووە لەسەر حیسابی سەقامگیری هەرێم. بەبێ ئامادەکاری پێشوەختە لەبەرامبەر داعش و پشتگری تەکنیکی و دارایی زیاتر و دانانی پلانێکی فریاکەوتنی کاریگەر، هیچ رووناکیەك نابینرێت لە کۆتایی تونێلەکە بۆ ملیۆنان کەس کە رۆژانە ئازار و مەینەتی دەچێژن.

## تێڕوانینێك دەربارەی سەرچاوە و کۆمەکی دارایی

کێشەی بەردەوامی نەبوونی کۆمەکی دارایی پێویست بۆ وەڵامدانەوەی قەیرانی مرۆیی جێگای نیگەرانیە و بە شێوەیەکی بەرچاو کاریگەری کردۆتە سەر توانای دابین کردنی پێدوایستیە زۆرەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراق. وەڵامی مرۆیی بۆ پەنابەرانی سوریا کە لە پلانی وەڵامدانەوەی سێ (3RP)دا هاتووە، تەنها ٪19 کۆمەکی دارایی بۆ دابینکراوە. هاوکات پلانی ستراتیجی وەڵامدانەوە (SRP) تەنها ٪26 کۆمەکی دارایی کراوە تاکو کاتی تەواوبوون. لەگەڵ ڕاگەیاندنی پلانی وەڵامدانەوەی مرۆیی (HRP)، کۆمەڵگای کاروباری مرۆیی داوای 497.9 ملیۆن دۆلاریان کردوە. ئەگەر کۆمەکی دارایی تەواو، کە پێشبینی ناکرێت، بۆ ئەو پلانە تەرخان بکرێت ئەوا تەنها دەتوانرێت هەندێ لە ئازارەکان کەم بکاتەوە نەك وەڵامدانەوەی کاریگەری لەسەر دانیشتوان و هاوڵاتیانی میواندار بە هیچ شێوەیەك. بەهۆی کەمی هاوکاری دارایی، پلانی وەڵامدانەوەی مرۆیی ناتوانێت بە شێوەیەکی گونجاو چارەسەری ئەو بارودۆخە ئاڵۆزە بکات و بە شێوەیەکی گشتگیر هەموو پێداویستیە هەنووکەییەکان و پێداویستیە لە پێشینەکان و پێداویستیەکانی ئاییندە لە خۆ بگرێت. هەرچەندە ئەگەر پێداویستیە هەنووکیەکان و پێداویستیەکانی ئاییندەش لە خۆبگرێت ئەوا بەهۆی کەمی کۆمەکی دارایی ناتوانرێت جێبەجێبکرێت و پلانی وەڵامدانەوە بەشێوەیەکی زۆر کەمکراوەتەوە بۆ پێداویستیە هەرە بنەڕەتیەکانی ئاوارەکان. لە کاتێکدا پێداویسیتەکانی ژیان پێداویستی لە پێشینەی سروشتین،



**بەڵام پشتگوێخستنی پێداویستیەکانی تری هاوڵاتیان دەرئەنجامی خراپی لێدەکەوێتەوە هەروەك پێشتر روویداوە وەکو لەرووی تەندروستی جەستەیی و دەروونی و نەمانی توانای خێزانەکان و کۆمەڵگا و گرتنەبەری شیوازی ناگونجاو بۆ خۆدەربازکردن و لە رێ لادانی فێربوون و پەرەپێدانی منداڵان و هاوکات زۆربوونی گرژی و ناسەقامگیری کۆمەڵایەتی و کەڵەکەبوونی ئازارو مەینەتی.**

**توانای دارایی حکومەتی هەرێم زۆر سنووردداربووە بەهۆی قەیرانی دارایی لە ئەنجامی بڕینی بودجە لەلایەن حکومەتی عێراق و نەناردنی لە $17\%$ی پشکی هەرێم بە شێوەیەکی نادەستوری کە نزیکەی $90\%$ی بودجەی ساڵانەی هەرێم دەکات. توانای حکومەتی هەرێم بۆ دابین کردنی خزمەتگوزاری بۆ ئاوارەی ناوخۆ و پەنابەران و هاوڵاتیانی هەرێم سنووردداربووە تا ئەو ئاستەی کە ببێتە مایەی هەرسهێنان و هەڕەشە بۆ سەر هەرێم. سەرەڕای قەیرانی دارایی، بە گوێرەی راپۆرتی بانکی جیهانی و وەزارەتی پلاندانان، حکومەتی هەرێم ($\$1$)یەك ملیار دۆلاری خەرج کردووە بۆ دابین کردنی خزمەتگوزاری بۆ ئاوارەی ناوخۆ و پەنابەران تاکو ئێستا. بەڵام پێویستە هاوکاری دارایی پێشکەش بە حکومەتی هەرێم بکرێت چونکە بەم شێوەی ئێستا حکومەتی هەرێم ناتوانرێت بەردەوام بێت بەهۆی کێشەی دارایی. ئاوارەکان لە هەرێمی کوردستان خزمەتگوزاری تەندروستی و کارتی نشینگە و بەڵگەنامەکانی تریان بۆ دەکراوە و ئاسایشی کەمپەکانیان و خزمەتگوزاری پەرەوەردەیان پێشکەش کراوە.**

**هەموو ئەو خزمەتگوزاریانەش لەسەر حیسابی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێشکەش کراوە بۆ یارمەتی دانی هەموو ئەوانەی لێیان قەوماوە و پێویستیان بە هاوکاری هەیە. ئەوە جگە لە خزمەتگوزاریەکانی تری وەکو ئاو و کارەبا هتد. بەڵام پێدانی پارەی نەختینە لە دەرەوەی توانای حکومەتی هەرێمە و ئەو خزمەتگوزاریانەش زۆر گرنگن و تاکو ئێستا بەردەوام پێشکەش بە ئاوارەکان دەکرێن.**

**تاکو مانگی تەمموز تەنها ٪7.4 پارەی داواکراو لە چوارچێوەی پلانی وەڵامدانەوەی مرۆیی بۆ هەرێمی کوردستان دابین کراوە لە کۆی گشتی ($214,199,690).**

**ئەم خشتەی خوارەوە بریتیە لە ئاستی کۆمەکی دارایی داواکراو و دابینکراو بۆ پلانی وەڵامدانەوەی مرۆیی (HRP) تاکو مانگی تەممووزی 2015 بەگوێرەی کەرتەکان بۆ هەرێمی کوردستان و عێراق.**

| کەرتەکان | کۆی گشتی پلانی مرۆیی | | هەرێمی کوردستان | | بەشەکانی تری عێراق | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | پارەی پێویست دوای پێدواچوونەوە | پارەی تەرخانکراوە بە دۆلار | پارەی پێویست دوای پێدواچوونەوە | بەشی بەرکەوتە بە دۆلار | پارەی پێویست دوای پێدواچوونەوە | بەشی بەرکەوتە بە دۆلار |
| هەماهەنگی و بەڕێوەبردنی کەمپەکان | 2,500,000 | 0 | 1,250,000 | 0 | 1,250,000 | 0 |
| هەماهەنگی و پشتگیری | 6,500,000 | 0 | 1,966,988 | 0 | 4,589,639.60 | 0 |
| پەروەردە | 26,049,963 | 232,297 | 13,274,341 | 232,297 | 12,775,622.50 | 0 |
| پەیوەندی فریاکەوتن | 500,267 | 157,356 | 350,187 | 110,149 | 150,080 | 102,873 |
| ئاسایشی خۆراک | 179,789,563 | 10,400,000 | 82,894,423 | 5,200,000 | 96,895,139.60 | 5,200,000 |
| تەندروستی | 59,753,765 | 3,386,262 | 26,987,742 | 2,059,262 | 32,766,023.50 | 1,327,000 |
| لۆجستی | 2,423,805 | 2,423,805 | 1,211,903 | 1,211,903 | 1,211,902.50 | 1,211,903 |
| هاوکاری دارایی کاش | 4,999,999 | 1,692,243 | 1,178,299 | 470,410 | 3,821,700.40 | 1,221,833 |
| پاراستن | 53,779,279 | 6,280,535 | 24,932,211 | 2,307,014 | 28,847,058 | 3,973,521 |
| میکانزمی وەڵامدانەوەی خێرا | 11,999,998 | 0 | 3,359,999 | 0 | 8,399,998.60 | 0 |
| پەناگە و هاوکاری تر | 95,041,303 | 5,888,275 | 34,101,893 | 1,865,831 | 60,939,410 | 4,022,444 |
| سەقامگیری کۆمەڵایەتی و پشتگیری بژێوی | 9,832,402 | 0 | 4,971,583 | 0 | 4,860,819 | 0 |
| پاکوخاوێنی | 43,898,323 | 3,902,539 | 17,720,121 | 2,477,038 | 26,178,201.80 | 1,425,501 |
| **کۆی گشتی** | **497,068,667** | **34,363,312** | **214,199,690** | **15,933,904** | **282,685,596** | **18,485,075** |
| سەرچاوە: UNOCHA | | | | | | |

## هەڵسەنگاندی وەڵامدانەوە و راپەڕاندن:

**نەخشەی خوارەوە ژمارەی ئاوارەی ناوخۆ و پەنابەران نیشان دەدات لە هەرێمی کوردستان:**

| پارێزگا | ژمارەی ئاوارەی ناوخۆ | | | | پارێزگا% |
|---|---|---|---|---|---|
| | ژ. خێزان | ژ. تاك | ژ. خێزان له کەمپ٪ | ژ.خێزان له دەرەوەی کەمپ | |
| دهۆك | 95,531 | 502,383 | 34% | 66% | 38.43% |
| هەولێر | 91,076 | 430,005 | 2.5% | 97.5% | 36.63% |
| سلێمانی | 62,000 | 260,358 | 11.5% | 88.5% | 24.94% |
| کۆی گشتی | 248,607 | 1,192,746 | | | 100% |

| پارێزگا | ژمارەی پەنابەرانی سوریا | | | | پارێزگا% |
|---|---|---|---|---|---|
| | ژ. خێزان | ژ. تاك | ژ. خێزان له کەمپ٪ | ژ.خێزان له دەرەوەی کەمپ | |
| دهۆك | 23,917 | 139,831 | 45% | 55% | 55% |
| هەولێر | 43,465 | 113,672 | 68% | 32% | 32% |
| سلێمانی | 12,050 | 30,452 | N/A | N/A | |
| کۆی گشتی | 79,432 | 283,505 | | | 100% |

پارێزگای دهۆك: هەرچەندە پارێزگای دهۆك لە رووی جوگرافیا و ژمارەی دانیشتوان بچوكترین پارێزگایە لە هەرێمی كوردستان بەلأم پارێزگای دهۆك زۆرترین ژمارەی ئاوارەی ناوخۆ (95.531 خێزان،502.383 كەس) و پەنابەری سوریی (23,917 خێزان، 139,831 كەس) تاكو ئێستا لە عێراق لە خۆ گرتووە.



پارێزگای هەولێر : هەولێر پێشوازی لە (91.076 خێزان، 430.005 كەس) ئاوارەی ناوخۆ و (43,465 خێزان و 113,672كەس) پەنابەری سوری كردووە لە سەرانسەری چوار قەزای پارێزگای هەولێر و كە ژمارەی هەرە زۆری ئاوارەكان لە دەرەوەی كەمپەكان دەژین 97.5٪.

پارێزگای سلێمانی: ژمارەی ئاوارە و پەنابەران لەو پارێزگایە كەمترە كە (62.000 خێزان، 261.847 كەس) ئاوارەی ناوخۆ و زیاتر لە (12,050 خێزان و 30,452 كەس) پەنابەری سوری لە خۆگرتووە. هەرچەندە ژمارەی ئاوارە و پەنابەران كەمترە لەو پارێزگایە بەلأم بارودۆخی ئاوارە و پەنابەران و هاولأتیان لە رەوشێكی خراپدایە.

بێ گومان، بەلەبەرچاوگرتنی ئەو ژمارە زۆرەی ئاوارەی ناوخۆ و پەنابەران، پێداویستیەكانیان زۆر زۆرن و بەشی هەرە زۆری دابین نەكراوە. بەردەوامی ئاوارەبوون لە عێراق ئاماژەیە بۆ خراپی و ئاڵۆزی رەوشی مرۆیی لە عێراق كە بە ملیۆنان هاولأتی پێویستیان بە هاوكاری و خزمەتگوزاری جۆراجۆر هەیە لە هاوكاری بنەڕەتی رۆژانە بگرە تاكو خزمەتگوزاری دەروونی و پەروەردە و ئاسایشی كۆمەڵگا و ئابوری و پشتگیری بەدەستهێنانی بژێوی رۆژانەو هتد. شەپۆڵەكانی ئاوارەبوون و چیرۆكی خێزانەكان بەهۆی سروشت و درێژی ماوەی ئاوارەبوون و

**بارودۆخیان لە شوێنی ئاوارەبوونیان کاریگەری و پێداویستی جۆراوجۆری هەیە و کە بە شێوەیەکی گشتی بریتیە لە:**

## ئاسایشی خۆراک:

- **کەرتی خۆراک تەنها 20٪ی پارەی داواکراویان بۆ دابین کراوە، لە ئەنجامدا ڕێکخراوی خۆراکی نێودەوڵەتی (WFP) ناچاربوو بەرنامەکانی دابین کردنی خۆراک بە ڕێژەیەکی بەرچاو کەم بکاتەوە.**
- **پێدانی پارەی کاشی مانگانە بۆ 19$ دۆلار بۆ هەر تاکێك کەمکرایەوە.**
- **بودجەی داواکراو لەلایەن ڕێکخراوی خۆراکی نێودەوڵەتی بۆ ئاوارەکانی سوریا بریتیە لە 56.5$ دۆلار بەلاٌم تەنها 20٪ی پارەی پێویست بۆ کەرتی خۆراك لە چوارچێوەی پلانی وەلاٌمدانەوەی سیٚ (3RP) دابینکراوە.**
- **ڕێکخراوی خۆراکی نێودەوڵەتی پێویستی بە 11.4 ملیۆن دۆلاری ئەمریکی هەیە لە مانگی شەش تاکو مانگی هەشت بۆ بەردەوامی دان بە بەرنامەکانی دابین کردنی خۆراك لەدوای کەمکردنەوە و بڕینی خۆراك.**
- **دابین کردنی بژێوی ڕۆژانە و پڕۆژەکانی بەدەستهێنانی داهات پێویستن بۆ کەمکردنەوەی پشتبەستن بە هاوکاری مرۆیی و سەرقاڵکردنی ئاوارە و پەنابەران بەکاری بەرهەمهێنەر بۆ ڕێگە گرتن لە تێکچوونی باری دەروونیان و ئەنجامدانی کردەوەی نەشیاو بە تایبەتی گەنج و لاوەکان.**

## پەناگە:

- **لە ( 1.5 ) ملیۆن ئاوارەی ناوخۆ لە هەرێمی کوردستان، 81٪ی لە دەرەوەی کەمپەکان دەژین. ئەگەر هەموو کەمپەکانیش پربکرێنەوە، نزیکەی 800.000 ئاوارە بەبیٚ شوێن دەمێننەوە. لەو ژمارەیەش، 54.000 هەزار کەس لە شوێنی زۆر خراپ دەژین. 274.977 کەس لە خانووی کریٚ یان هوتێل دەژین و کە ژمارەیەکی بەرچاویان ئێستا ناتوانن کرێی**

مانگانە و پارەی خزمەتگوزارییەکانیان بدەن و هاوکات شوێن نیە لە کەمپەکان بۆ ئەوەی نیشتەجێ بکرێن.

- جگە لەکەمی شوێن، ئاستی کواڵیتی پەناگە و ژێرخانی کەمپەکان نزمە و بوونی قەرەباڵغی لە زۆربەی کەمپەکان. نزیکەی 243.000 هەزار ئاوارە پێویستی بە پەناگە هەیە لە کەمپەکان.



- دابین کردنی پەناگە بۆ ئەو ئاوارانەی لە شوێنی زۆر خراپ دەژین و ئەوانەی باری ئابوریان خراپە زۆر پێویستە و یەکێکە لە پێداویستیە هەنووکەییەکان.
- پەرەپێدان و بەرزکردنەوەی ژێرخان و ئاستی خزمەتگوزاری لە کەمپەکانی ئاوارەی ناوخۆ و پەنابەرانی سوریا پێویستە بکرێتە کاری لە پێشینە. هەروەك پەیوەندی راستەوخۆ هەیە لە نێوان کواڵیتی پەناگەکان و باری تەندروستی جەستەیی و دەروونی ئاوارەکان وەکو زیادبوونی توندوتیژی خێزانی و خەمۆکی و بڵاوبوونەوەی نەخۆشیەکانی پێست و نەخۆشیە گوازراوەکان.

## تەندروستی:

رێژەی نەخۆشی و مردن لە نێوان ئاوارەکان لەگەڵ خراپ بوونی ئاستی تەندروستی ئاوارەکان دەکرێت سنووردداربکرێت ئەگەر ئەو پێداویستیانەی خوارەوە دابین بکرێت:

- کەمی دەرمان کێشەیەکی بەردەوامە و هۆکارە بۆ سەرهەڵدانی ژمارەیەکی زۆری نەخۆشی درێژخایەن و تەنانەت ئەو نەخۆشیانەی چارەسەر دەکرێن بەبێ چارەسەر بمێننەوە.

- خراپی ئاو و حەمام و تەوالێت و خزمەتگوزاری لەگەڵ رەوشی پەناگەی نەگونجا و قەرەباڵغ بۆتە هۆی زیاتری بڵاوبوونەوەی نەخۆشی و خراپتربوونی باری تەندروستی ئاوارەی ناوخۆ و پەنابەران.
- هاوڵاتیانی دووره شارەکان و $20\%$ی ئاوارەی ناوخۆ کێشەی گەیشتن بە خزمەتگوزاری تەندروسیتان هەیە بە گوێرەی زانیاری کەرتی تەندروستی.
- لەبەر نەبوونی زانیاری و هۆشیاری، زۆر لە ئاوارەکان لەکاتی پێویست داوای خزمەتگوزاری تەندروستی ناکەن و ئەوەش بۆتە هۆی خراپبوونی باری تەندروستی تاك و بڵاوبوونەوەی نەخۆشی لە شوێنە قەرەباڵغەکان.
- کۆگاکانی فریاکەوتن لەئاستی پێویستدا نین و بونەتە بەربەست لەبەردەم وەڵامدانەوە بە شێوەیەکی کاریگەر و خێرا لە کاتی فریاکەوتن.
- کەمی کۆمەکی دارایی و هاوکات کەمکردنەوەی هاوکاری خۆراك لەوانەیە ببێتە مایەی زیادبوونی بەدخۆراکی بە تایبەتی لە نێو منداڵان.
- پڕکردنەوەی بۆشایی چاودێری تەندروستی تایبەتمەند وەکو چارەسەر کردنی نەخۆشی درێژخایەن و کێشەی دەروونی.

## پاکو خاوێنی:

لەسەرەتای سەرهەڵدانی قەیرانی سوریا، ئاست و کواڵتی ئاو و پاکوخاوێنی لەهەرێمی کوردستان لەهەندی ڕووەوە باش نەبووە بە بەراوورد بە ستانداردی مرۆیی یان پێداویستی ئاوارە و پەنابەران. رەوشەکە خراپتربووە لەو ماوەیەدا و بەهۆی کەمی کۆمەکی دارایی بوەتە هۆی ئەوەی کە تەنها حاڵەتی فریاکەوتن لەبەرچاو بگیرێت و ئەگەر کۆمەکی تر دابین نەکرێت ئەوا ژمارەیەکی تری خزمەتگوزاری گرنگی پاکوخاوێنی کەم دەکرێنەوە یان رادەگیرێن.

- نۆژەنکردنەوەی حەمام و تەوالێت و بەردەوامی خزمەتگوزرای پاکوخاوێنی و گەیاندنی ئاو بۆ کەمپە فەرمی نافەرمیەکان.
- دروستکردن و دانانی حەمام و تەوالێت لە کامپە نوێیەکان.

- بەرزکردنەوەی ئاستی حەمام و تەوالێتەکان کە نیمچە ستانداردن.
- کۆمەکی دارایی زیاتر پێویستە بۆ دابین کردن و دابەشکردنی ئاو.
- کۆکردنەوە و چارەسەکردنی ئاوی پیس و ئاوەڕۆ کێشەیەکی ترە کە کاریگەری خراپی کردۆتە سەر کەمپەکان.
- چۆنیەتی بەکارهێنان و پاراستنی پاکوخاوێنی حەمام و تەوالێت و پاراستنی ئاوی ماڵەکان پێویستی بە هاندان و چارەسەر هەیە بە تایبەتی لەکاتی ئێستادا بەهۆی گەرماوە داواکاری بۆ ئاو زۆر زیادی کردووە.
- پارێزگای هەولێر ئامادەکاری دەکات بۆ دەرکردنی رێنمایی  تایبەت بە راکێشانی ئاو بەشێوازێکی دروست و یاسایی و دروستکردنی تەوالێت و حەمام تاوەکو بەسەر ئاوارە و پەنابەران دابەش بکرێت لە رێگای تیمی پارێزگا.
- دابینکردنی ئاوی خواردنەوە لە کەمپی باسرمە بۆتە کێشە بەهۆی سووری ئاوی بیر. تەنها 25٪ ئەوەی بۆیان دابین دەکرێت رۆژانە بە بوتڵە.

## کاریگەری لەسەر هاوڵاتیان:

هاتنی بەلێشاوی ئاوارەی ناوخۆ و پەنابەرانی سوری بۆ هەرێمی کوردستان بەهۆی پەلامار و توندوتیژیەکانی رێکخراوی تیرۆرستی داعش و قەیرانی سوریا کاریگەری زۆری کردۆتە سەر ئابوری هەرێمی کوردستان و فشارێکی گەورەی لەسەر کەرتی خزمەتگوزاری دروست کردوە. هەرچەندە وەلأمدانەوەی مرۆیی کاردەکات بۆ دابین کردنی پێداویستیەکانی ئاوارە و پەنابەران، بەلأم زۆر گرنگە کاریگەری ئەو قەیرانە مرۆییە لەسەر هاولأتیان و دانیشتوانی هەرێمی کوردستان لەبەرچاوبگیرێت و لەو کاتە دژوارەدا لە بیر نەکرێن. تاکو ئەمڕۆ، 81٪ی ئاوارەکانی ناوخۆ و 69٪ی پەنابەرانی سوریا لە دەرەوەی کەمپەکان دەژین کە بۆتە هۆی قەرەباڵغی و زیابوونی داواکاری لەسەر خزمەتگوزارییەکان و پێشبڕکێ لەسەر دابین کردنی بژێوی رۆژانە.

ئەو لایەنە گرنگانەی کە جێگای نیگەرانین و پێویستە چارەسەر و چاودێری بکرێن بۆ رێگە گرتن لە زیاتر خراپبوونی باری ژیان بریتین لە زیادبوونی داواکاری لەسەر سەرچاوە سروشتیەکان، کەمبوونەوەی دەرەفەتی کار و هەڵاوسانی داهات و کرێی خانوو و ئاسایشی خۆراك و تۆڕەکانی پاراستنی کۆمەڵایەتی و بەرنامەکانی تەندروستی و پەروەردە.

ئاو و پاکو خاوێنی و زبڵ و خاشاك و پاشەڕۆ بۆتە کێشەیەکی گەورە و بەردەوامە بۆ هاوڵاتیان و ئاوارەکان لە ناوەو و دەرەوەی کەمپەکان. داواکاری لەسەر ئاو، بەهۆی زیادبوونی رێژەی دانیشتوان، بە رێژەی 11٪ (17.1 ملیۆن م3) لە ساڵێکدا زیادی کردووە و هاوکات بەهۆی نەبوونی وێستگەی کۆکردنەوە و چارەسەرکردنی ئاوی پیس، پاکوخاوێنی بۆتە کێشەیەکی بەردەوام و روو لەزیادبووندایە. زبڵ و خاشاك بە رێژەی 26٪ کە دەکاتە (1.690 تەن) زیادی کردووە لە رۆژێکدا و سەرەڕای بارگرنی پێشوو لە کۆکردنەوە و چارەسەرکردنی زبڵ و خاشاك. جگە لە پیس کردنی ژینگەی هەرێمی کوردستان، ئەوا ئەو زبڵو خاشاکە راستەوخۆ کاریگەری دەکاتە سەر تەندروستی هاوڵاتیان و دانیشتوانی هەرێمی کوردستان بەبێ جیاوازی.

## ئاسایشی خۆراك:

ئاسایشی خۆراك، هەرچەندە ئێستا بە شێوەیەکی باش بەڕێوەدەبردرێت، بەڵام مەترسی لەسەر ئاسایشی خۆراك هەیە لە ئایندە. رێژەیەکی



زۆری هاوڵاتیان پشت بە کڕینی خۆراك دەبەستن بەڵام لە هەمان کاتدا، بەشێکی زۆری هاوڵاتیان پشت بە بەشە خۆراکی مانگانە دەبەستن کەلەلایەن حکومەت دابەش دەکرێت. پێویستە ئەوەش باس بکرێت کە هەندێك لە هاوڵاتیان تەواو پشت

به خۆراکی مانگانە دەبەستن وەکو سەرچاوەی سەرەکی خۆراك. لە کاتی ئێستادا بە شێوەیەکی ڕێژەیی ئاسایشی خۆراك دابین کراوە بەڵام بۆ ماوەی درێژخایەن بەهۆی ڕوودانی قەیرانی تری مرۆیی یان دارایی و نەمانی بەشە خۆراکی مانگانە ئەوا کاریگەری و مەترسی تەواو دەکاتە سەر ئاسایشی خۆراك. ڕێژەی هەژاری لە هەرێمی کوردستان دووهێندە بۆتەوە لە $3.5$٪ بۆ $8.1$٪ لە ساڵی $2014$. هەرچەندە ئەوە بەهۆی چەندین فاکتەرەوە هەیە بەڵام بەشێکی زۆری پەیوەندی بە هاتنی ئاوارەکانەوە هەیە کە بۆتە هۆی هەڵاوسانی بازاڕ و کەمبوونەوەی دەرفەتی کار. بواری پێشبڕکێی هێزی کار پێکهاتوون لە کەرتی گشتی و کەرتی خزمەتگوزاری، بە تایبەتی پێشبڕکێ لەسەر کەرتی خزمەتگوزاری و هێزی بازوو هەیە. کەمبوونەوەی داهات بۆتە بەربەست لەبەردەم توانای بەردەوامیدان بە پەیوەندی نێوان داهات و خەرجی ئەمەش بوەتە زۆربوونی بارگرانی لەسەر قەرزکردن هەروەکو خێزانەکان بۆ پڕکردنەوەی کورتهێنان لە داهاتیان پشت بە قەرز دەبەستن. ئەوەش بەهۆی زیادبوونی نرخی کرێی خانووبەرە زیاتربووە. هەروەك ژمارەیەکی زۆر لە ئاوارەی ناوخۆ و پەنابەران لە دەرەوەی کەمپەکان دەژین، ڕووبەڕووبوونەوەیەکی گەورەیە کە بتوانرێت شوێنی نیشتەجێبوون بە کرێیەکی گونجاو دابین بکرێت بۆ هاوڵاتیانی هەرێم و ئاوارە و پەنابەران لە هەرێم. هەروەك لە ڕاپۆرتی بانکی نێودەوڵەتی و وەزارەتی پلاندانان هاتووە کە $243.000$ ئاوارە پێویستی بە شوێنی گونجاو هەیە.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە حکومەتی هەرێمی کوردستان لەیەك کاتدا ڕووبەڕووی سێ قەیران بۆتەوە ئەوانیش: شەڕ لە دژی ڕێکخراوی تیرۆرستی داعش و قەیرانی ئاوارە و پەنابەران و قەیرانی دارایی. کاریگەریە جۆراوجۆرەکان و گەورەیی ئەو دژواریە کە هەرێمی کوردستان پێیدا تێدەپەڕێت، هەرچەندە هەمووی پەیوەندی بە لە ناکاو زیادبوونی ڕێژەی $30$٪دانیشتوان نیە ، بەڵام ئەوە ڕوونە ئەو ژمارە زۆرەی ئاوارەی ناوخۆ و پەنابەر ڕاستەخۆ و

**ناڕاستەوخۆ کاریگەری کردۆتە سەر ژێرخانی کۆمەڵگا و پێشکەش کردنی خزمەتگوزارییە گشتی و سەرەتاییەکان.**

**هاولاتیان و دانیشتوانی هەرێمی کوردستان تاکو ئێستا هەڵسوکەوتیان دۆستانە و هاوکاری بووە لەگەڵ ئاوارەی ناوخۆ و پەنابەران لە هەرێمی کوردستان و ئومێدەوارین بەم شێوەیە بەردەوام بێت و تاکو ئێستا پێکەوە ژیان نەبۆتە کێشە بەلام نیگەرانیەکان بەردەوام روو لە زیابوونن بەهۆی زیادبوونی کاریگەری ئاوارەکان لەسەر دانیشتوانی هەرێم و بەهۆی بەردەوامی شەڕ و ناسەقامگیری هیچ گەشبینیەك نیە بۆ قەیرانی مرۆیی ئاوارەبوون. لەبەرئەوە پێویستە کار لەسەر بەرنامەیەکی فریاکەوتن بکرێت سەبارەت بە پێکەوەژیان و هەڵکردن لە نێوان ئاوارە و پەنابەر و هاولاتیانی هەرێمی کوردستان.**